# نەفرەت لە فەرهەنگێک، کە دوعا دەکوژێت

ئەمجەد شاکەلی

پەپەگیان[1]،

گەلێک ڕووداو و کارەسات مرۆڤ تووشی هەژان و ڕاچڵەکین دەکەن و لە مێشک و بیرگەی مرۆڤدا تا لە ژیاندایە، مەگەر تووشی دەردەلەبیرچوونەوە ببێت، شوێنەواری خۆیان جێدەهێڵن و هەمیشە لەبەرچاون و هەردەم دێنەوە یاد.

ساڵی 1977، ئەودەمی لە زیندانی پۆلیسی کەربەلا بووم، کە "سامی"یان وەژووردا کرد، ڕقی دنیام لێ دەبووەوە و حەزم بە مردنی دەکرد. سامی، لاوێکی خوێندکاری ئامادەیی عەرەبی بەغدایی موسوڵمانی شیعە و کۆمۆنیست، تەحریری خوشکی لە نێو ئوستانداری و خانەی داد و پۆلیسخانەی کەربەلادا و بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بەبەرچاوی چەندین کەسەوە، دایە بەر چەقۆ و لە کچێکی جوانکیلەی شازدە حەڤدە ساڵانی پڕ لە ژیان و گەشی و ئاوات و خۆزگە و خەون و وزە و خەندەوە، کردە لاشەیەکی بێگیانی خوێناوی و مێژوو و داهاتووی مرۆڤێکی زیندەبەچاڵ کرد. تاکە تاوانی تەحریر ئەوەبوو ڕەدووی کوڕێکی دڵداری کەوتبوو، کە حەزیان لە یەکدی بوو و ماڵی باوکی، ڕێگر بوون لەوەی مێردی پێ بکات.

ساڵی 2007، سی ساڵان دوای کوشتنی تەحریر، لە قوژبنێکی دیکەی ئەم جیهانە، لە بەعشیقەی کوردستان، تەحرێرکی دیکە، بەڵام ئەمجارەیان، لەبری تەحریرێکی عەرەبی موسوڵمانی شیعەی بەغدایی، "دوعا" ناوێکی کوردی ئێزدی، لە کیژێکی جوانکیلەی حەڤدە ساڵانی پڕ لە ژیان و گەشی و

---

[1] "پەری"ی کچم، کە من زۆرجاران "پەپە"ی پێ دەڵێم، منداڵێکی حەڤدە ساڵانە خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی بەشی کۆمەڵایەتییە. لە نامەیەکیدا لە 5-5-2007، بۆ من دەنووسێت:"لەم ڕۆژانەدا فیلمێکی ڤیدیۆیی زۆر سەیر و ترسناکم لە YouTube بینی، کوشتنی کچێکی منداڵی کوردی ئێزدی لە کوردستان پێشان دەدات. بە بەرد دەیکوژن. هەزاران کەس، زۆریا ئێزدین، لە ماڵەوە بە ڕاکێشان دەیهێننە سەر جادە و بەردبارانی دەکەن. هەمووان بەردی تێدەگرن و پۆلیسی عیراقییش تاوێری زلەی تێدەگرن، تا ئیدی تەواو پەکیدەکەوێت و دەکەوێت. جلەکانی دادەکەنن و بە عەرەبی قسەی ناشیرینی پێ دەڵێن. ئەوجا یەکێک بەردێکی زلە دەماڵێتە سەریدا و ئیدی تەواوی دەکات. ئەم کارە دڕندانە بەبەرچاوی پۆلیسی مووسڵ و ئەو ناوەیشەوە ڕوو دەدات. بەو کارە گێژ بووم و تێکچووم و تووشی ڕشانەوە بووم. بەڕاستی سەرم سووڕدەمێنێت! ئەمە چ فەرهەنگێکە کورد هەیەتی، لە کاتێکدا کورد خۆی بە خاوەن شارستانیەت و مێژوویەکی کۆن دەزانێت! من نەمدەزانی وەها کارێکی دزێو لە نێو کورددا ڕوودەدات!". ئەم گوتارە کورتە وەڵامێکە بۆ نامەکەی "پەری" و هەموو پەرییەکانی تریش..

ئاوات و خۆزگە و خەون و وزە و خەندەوە، لە لایەن ڕەوە خەڵکێکی دڕندەوە و هەر بە ڕۆژی نێوەڕۆ و بەبەرچاوی سەدان خەڵکەوە، وەبەر تاوێر و بەرد دەدرێت، تا ژیان و گەشی و ئاوات و خۆزگە و خەون و وزە و خەندە و مێژوو و داهاتوویشی لە جووڵە دەخەن و هەناسەی لێ دەبڕن.
عیسا پەیامبەری مەسیحییان، کە بە خاچەکەیەوە هەڵواسرا، هێندەی دوعا ئازاری نەچەشت. عیسا بزمار لە چەند بەشێکی لەشییەوە بە دارخاچەکەیەوە بەستبوو و شوێنگەلێکی کەمی لەشی ئازاری دەدا. دوعا هەموو لەشی وەبەر بەرد درا و سەرتاپێی بەردباران کرا. دوعا هیچ بەشێکی لەشی لە تاوێر و کوچک دەرباز نەبوو.
کە تەحریر شەهید کرا من بۆ خۆم لەوێ بووم و لە کارەساتەکەوە نیزیک بووم. حەفتەیەک زیاتر نە خوراکم بۆ دەخورا و نە قسەم پێ دەکرا و نە پیکەنینم مابوو. گەرووم تۆپەڵێک قین و ڕق و تووڕەیی گرتبووی و وەک پاروویەک، کە قووتنەدرێت گیرهاتبوو و خەریکبوو دەیتاساندم.
کە دوعا شەهید کرا من لەوێ نەبووم، بەڵام بە هۆی میدیاوە وێنەی شەهیدکردنی و چۆنیەتیی پەلاماری ئەو خەڵکە دڕندە هۆڤەم بینی. ئەو هەست و ڕەوشەی بە شەهیدبوونی تەحریر تووشم بوو، جارێکی دیکە بۆ شەهیدبوونی دوعا تووشم بووەوە.
سی ساڵان دەکەونە نێوان ئەو دوو ڕووداوەوە، بەڵام وەک بڵێی کات، لەو دەڤەرە پڕ لە هۆڤیەتی و دڕندەییەی ئێمە، لە جێگەی خۆیدا چەقی بەستبێت و هەرگیز نەجووڵابێت. لەوەتی خەڵکێک بە نێوی کوردەوە هەن و لە وەتی ڕۆژهەڵات هەیە، ڕۆژانە چەندین ژن و کچ بە نێوی شەرەف و نامووس و سڕینەوە و پاککردنەوە و شۆردنەوەی ئاوڕوو و شەرم و نەنگی و گێڕانەوەی شەرەف و نامووس و نێوی خێزان و ئەو قسە قۆڕ و پووچانەوە و بە شێوەی جیاواز، لە لایەن پیاوانەوە لەبەین دەبرێن. پیاوان هەمیشە خۆیان بە پارێزەر و پاسەوانی شەرەفی ژنان زانیوە. شەرەفی ژنان هەمیشە کاڵائاسا کاری لەگەڵدا کراوە و تێیڕوانراوە. پیاوان هەمیشە خۆیان بە خاوەن شەرەف زانیوە و شەرەفیش لای پیاوان هەمیشە ناوگەڵی ژن و ئامێرەسێکسییەکی ژن بووە. ژن ئەگەر کاری سێکسییش لە دەرەوی ژن و مێردایەتی ئەنجام بدات، کە ژنانی لە سەر دەکوژرێن، لەگەڵ پیاودا ئەنجامی داوە و دەدات، کەچی پیاو قیت و بێبەلا لە کایەکە دێتە دەر و ژن دەکرێتە قوربانی.
ئەو تێروانینەوە بۆ چەمکی شەرەف لە کن کورد و لە کوردستان، پتر لە هەموو شوینێکی دیکەی ئەم جیهانە، وەبەرچاو دەکەوێت. کورد لە هەموو خەڵکێکی دیکەی ئەم جیهانە خەستتر و توندتر باوەشی بەو چەمکەدا کردووە و پێوەی نووساوە. لە کوردستان و هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی کورددا، دەیان هەزار ژن کوژراون و لەبەینبراون و ئەتککراون و لووت و گوێ بڕاون و سەرنگوم کراون. وەنەبێ ئەو کارە کوردان تەنێ لە کوردستان ئەنجامیان دابێت، بەڵکە لە ئەورووپا و تاراوگەیش کوردان هەمان کاریان کردووە. تەواوی ئەو کارانە، ئەو کوشتنانە پیاوان جێبەجێی دەکەن. ژنان ئەگەر نەشکوژرابن ئەوا گوشار و تەنگاوکردن و تەشەر لە لایەن پیاوان و کۆمەڵگەوە کارێکی وایان کردووە، کە پەنا ببەنە بەر خۆسووتاندن و خۆکوشتن بە جۆری جیاواز.
کوشتنی ژنان لە سەر شەرەف و نامووس چ پێوەندێکی بە ئایین و بڕوای ئایینییەوە نییە و بۆ خۆی و لە بنەمادا چ ڕاستی و دروستی و بەڵگە و پاساوێکیشی نییە. لە کوردستان موسوڵمانان، فەڵە و ئەوەتا ئێزدییانیش ئەو تاوانە دەکەن. دوعا، موسوڵمان نەبوو و ئێزدی بوو و تاکە تاوانێکی دوعا ئەوە بوو حەزی لە کوڕێکی موسوڵمان کردبوو و ڕەنگە بووبێتیشە موسوڵمان، دەنا دوعا لە فریشتەکانی هیچی دیکەی نەکردبوو و لە حۆرییەکانی بەهەشتەکەی خودا پاکیزەتر و لە فریشتەکان خاوێنتر بوو. ئێزدییان لە نێوان چینەکانی سەر بە ئایینەکەی خۆیشیاندا ژنهێنان و مێردکردن نابێت

و ڕێگەی پێ نادرێت، ئەوجا دەبێ بۆ موسوڵمانیک چەند بە سەختی بگرن!
ئەمەی بە دوعا کرا و تەواوی ئەو کوشتنانەی ژنان، کە کوردان چ لە کوردستان یا لە دەرێی کوردستان ئەنجامیان داوە و ئەنجامی دەدەن، نیشانەی دواکەوتوویی و سەقەتیی فەرهەنگی کوردە.
نیشانەی نەبوونی ئازادی و سەربەخۆیی و سەربەستی تاکی کوردە.
هەر ئەو درندانەی، کە حەزلێکردنی دوعایان لە کوڕێکی دەرێی کۆمەڵگەکەی خۆیانیان پێ قووت نەدەچوو و بە کارێکی بێشەرەفییان دەزانی و هەر لەبەر ئەوەیش دوعایان شەهید کرد، هەر ئەوانەیشی، کە تا ئەمڕۆ دەیان هەزار دوعای دیکەیان لەنێوبردووە، بەعسیبوون و جاشایەتی و گەندەڵی و دزی و ساختەکاری و مرۆڤکوشتن و خاپاندنی خەڵک و تاڵان و چەپاوکردن و زەوتکردنی ژنان و دەیان کار و شتی خراپی دیکەیان بە بێشەرەفی نەزانیوە و نازانن و خۆیانی پێوە بادەدەن و فشەیشی پێوە دەکەن.
ئەمە چ فەرهەنگێکە ماف بە پیاو بدات، بە ئارەزووی خۆی، بە چەپ و ڕاستدا، دەست لە هیچ نەپاریزێت و دڵداری بکات و حەزلێکردن بکات و لە هیچ نەسڵەمێتەوە، کەچی لە سەر حەزلێکردن ژنان بکوژیت! ئەمە چ فەرهەنگێکە ماف بە پیاو، بە برا، بە باوک، بە مام، بە خاڵ، بە پسمام، بە کوڕانی تیرە و هۆز بدات و چەقۆ و دەمانچە و تفەنگ و خەنجەر و بەردیان بداتە دەست و خوشک، کەنیشک، دۆتمام، برازا، خوشکەزایان پێ بکوژێت!
کارێک، کە کوژەرەکانی دوعا بەرانبەر دوعایان ئەنجام داوە تاوانێک ئەوان کردوویانە، هیچ لە تاوان و کارەکانی یەزیدی کوڕی موعاوییە و شەمر، بەرانبەر ئیمام حوسەین و بنەماڵەکەی و نازیستەکان بەرانبەر جوولەکە و کاری بەعس و جاشەکوردەکان بەرانبەر ئەنفالکراوان و لەشکری ئەمەریکا بەرانبەر ڤیێتنامییەکان و شەهیدکردنی گیڤارا و پەلاماری گەلەگورکێک بۆ سەر بێچووەمامزێک، کەمتر نییە. کورد، کە ئێستا و لەم چەرخ و سەردەمەدا خاوەنی هیچ شارستانییەت و فەرهەنگێکی بەرز و تۆکمە نەبێت، کەنگێ لە کەوندا خاوەنی شارستانییەت و مێژووی تۆکمە بووە!
کورد ئێستاکە هەزاران دوعا لە وڵاتەکەیدا بکوژرێت و خەڵکانێکی زماندرێژی بە نێو "ڕووناکبیر" و تەنانەت فەمینیستانی سەر خوان و پەیوەستی دەسەڵات، لەبەر تێکنەدانی ڕەوش و باری ژیانی خۆیان فزەیان لە زاریانەوە نەیەتە دەر و نەتوانن بە دەسەڵات بڵێن: تۆ بەرپرسێت نەک تەنێ لە کوشتنی دوعاکان، بەڵکە تەنانەت لە لەبارچوونی زارۆکێکەوە تا دەگاتە بزربوونی کەلەشێرێک، کەنگێ خاوەنی فەرهەنگێکی ڕێزگری مرۆڤ و ڕەخنەگر و بوێر بووە! کورد لەم سەردەمی ئینتەرنێت و جیهانگەری و پێشکەوتنی زانستییەدا گورچیلەی ببەخشێ و ڕۆژانە سەدان گا و گوێلک و کاوڕ لە بەرچاوی تەلەڤزیۆنەکانی هەموو جیهان بدات بە زەویدا و کێرد بخاتە ملیان و سەریان ببڕێت و بیانکاتە قوربانی بۆ زەلامێک، کە بێجگە لەوەی سواری سەریان بووە، دەیان ساڵیشە بە کوشتیان دەدات و سامانیشیان دەخوات، کەنگێ خاوەنی فەرهەنگی خۆشویستنی مرۆڤ و بەزەیی و ڕاستگۆیی بووە! ئەگەر کوشتنی ژنان و کوشتنی ژینگە و کوشتنی ئاژەڵ و گەندەڵی لە ئێستادا، بەخشینێکی کوردان بن بۆ فەرهەنگی مرۆڤایەتی، کەنگێ کورد شتێکی هەبووە بە فەرهەنگی مرۆڤایەتی ببەخشێت!
هەرچەندە من بۆ خۆم بڕوام بە فەرهەنگی یەک بیچم و یەک چوارچێوە و سەدلەسەد تایبەت بە گەلێک، نەتەوەیەک، وڵاتێک یا خەڵکێک نییە، بەڵام هەندێک تایبەتمەندیی هەن، ڕەنگە تەنیا لەکن گەلێک، نەتەوەیەک، وڵاتێک یا خەڵکێک هەبن و لە جێگەیەکی دیکە نەبن. ئەگەر شەهیدکردنی دوعا، بەشێک بێت لە فەرهەنگی کورد، ئەوا بێجگە لە خوێنڕێژی و خوێنخۆری، فەرهەنگێکی گۆج و

نەخۆش و چەوت و دزێو، هیجی دیکە ناگەیەنێت و بێفەرهەنگی و نافەرهەنگی فەرهەنگێک پێشان دەدات و دەگەیەنێت، کە من هەرگیز نەک هەر ناتوانم بە هی خۆمی بزانم و لەگەڵیدا بم و داکۆکی لێ بکەم، بەڵکە بێزم لێی دێتەوە و دژی دەبم و نەفرەتیشی لێ دەکەم.

2007-5-7